# هەموو چنگە کرێ ی کورسی سکرتاریەتەکانیانە !!!

کەژاڵ حمەرشید

Oct 12-2002

بەشێك لە ژنانی بێلایەنی! عیراقی (العراقیات المستقلات) خەریکی بەستنی کۆنگرەیەکی رۆژنامە گەرین لە واشنگتۆنی پایتەختی ئەمریکاو داوا لە جیهان دەکەن کە عیرا قیان بۆ رزگار بکەن! ئەم داوایەش بەناوی ژنانی عیرا قەوە ئەدەن بەگوێی جیهاندا . ئەمە سەردێری هەوالێکی سەر سایتی (PDK) بوو لە هەفتەی رابردودا.

لە هەوالەکەدا ناوی ئەو چەند ژنە هاتوە کە بەناوی ژنانی عیراقەوە ئەم داوایە بەرز ئەکەنەوە . وبەلام هیچ شتێك لەبارەی شخصیەتی سیاسیانەوە باس نەکراوە . نالێت ئەمانە تەبەعیەتی چ سیاسەتێك ئەکەن ,ئەم نوینەرایەتیەیان چۆن وەرگرتوە ، یان بابلیم ئەم نوینەرایەتیەیان چۆن داوە بەخۆیان, لەبارەی حیزب ,ریکخراو,,,لەم بارانەوە هیچ نەوتراوە ,تائەو ئامانجە سیاسیەی کە لەپشتی ئەو کارەوەیە رۆشن و ئاشکرا بکرایە بۆخەلك .

من لیرەدا رەخنەو سەرنجی خۆم لەسەر ئەم بابەتە ئەدەم , کە رەنگە لای بەشێك لە سیاسە تمەداران و خەلکی رۆشنبیرو خەلکی هۆشیاری کوردستان راستیو حەقیقەتی ئەم مەسەلەیە رۆشن بێت ,بەلام هەلبەتە هێشتا تویژیکی بەرینیش لەخەلکی زەحمەت کیش و ژنان هەن کە زۆر کات خۆش باوەری بەفرمیسکی تیمساحی ئەم دەستەو نوینەرایەتیانە ئەکەن .کە بەناوی ئەوانەوە زۆر قەرارو مەدار ئەبەنە پیشەوەو زۆر بریارو هەلویست نیشان ئەدەن لەژیر چەندین باسی جۆراوجۆردا. کە لە راستیدا ئەم کارانەی ئەوان هیچ پەیوەندیەکی بەبە رژەوەند خەلکی کوردستانەوە نیە بیجگە لە پیکانی ئامانجیکی سیاسی دیاری کراو .کە بەداخەوە ئەلیم ئەمە سەرئەنجامی ئەو واقعیەتەیە کە هێشتا خەلکی کریکارو زەحمەت کیشی کوردستان و ژنانیش خاوەنی حیزب و ریکخراوی واقعی خۆیان نین ,هەر ئەمەشە مەجالی داوە بە جۆرەها حیزب و گروپ و ریکخراوو,,,بەناوی ئەوانەوە قسەبکەن و بەپیی بەرژەوەندی خۆیان چالاکی بنوینن.تەنانەت بەم شیوەیەی چەند ژنیك بی هیچ بنەمایەکی واقعی نوینەرایەتی ژنانی عیراق بەخۆیان ئەسپیرن! وە کۆنگرەی رۆژنامە گەری ئەگیرن و,لەمەش واوەتر داوایەك بەرز ئەکەنەوە کە سەرانسەر پیچەوانەی داواکاری ژنان و خەلکی کوردستانە.

## کێ ئەم نوێنەرایەتی یەی دا بەوان ؟

بیگومان بۆ هەر کەسیك کە ئەو هەوالە ئەخوینیتەوە ئەو پرسیارەی لا دروست ئەبیت کە ئەمانە کین و ,چ کارەن و ,نوینەری چ حیزب یان ریکخراویکن ,ئەمانەی بە نمایندەی ژنانی عیراق قسە ئەکەن لە کام تجمع و میتینگی ژناندا کاندید کراون بۆ ئەم کارە ؟ ئامانجی سیاسیان چیە ؟,,,,هەر لیرەشەوە ئەم پرسیارانە درووست ئەبیت : بەدریژایی زیاد لە 30 سال دەسەلاتی رژیمی بەعس کە ژنان لەژیر ستەم و چەوسانەوەیەکی بی وینەدا بون ئەمانە لە کوی بون ؟ بەدریژایی بوونی گەمارۆی ئابوری کە هەزاران ژن جەرگ هەلقرچاو بون بەمەرگی کۆرپەکانیان لەبەد خۆراکی و بی دەرمانی ئیوە لەکوی بون ؟ ئیوە لەکوی بون و کامە بو هەلویستتان کە

بەتاوانی بیرو باوەری ناموس پەرستی لەناوچەکانی جنوب و ژیر دەسەلاتی رژیم ژنان سەر بردران و کەللە سەرە کانیان بە دەرگای مالە کانەوە هەلواسرا ؟ هەلویستی ئیوە چی بوو لە بەرامبەر تیرۆری هەزاران ژندا لە کوردستان ؟ ئیوە لەکوی بوون کاتیك سەدان ژنی کورد بەدەستی فاشستەکانی رژیمی بەعس ئەنفال کران و بی سەرو شۆین کران و هەندیکیان لە زیندانەکاندا چەوسینرانەوەو ئەشکە نجە دەدران و بیحورمەتیان پیدەکراو هەندیکیشیان فرۆشران بە شیخەکانی سعودیەو وولاتانی تری خلیج ؟ خۆ ئیوە نوینەرایەتی هەموو ژنانی عیراق و کوردستانتان داوە بە خۆتان!!هەلویستتان لەبەرامبەر یاسا کۆنە پەرستەکانی رژیمدا چی بوە کەهیچ بەهایەکی ئینسانی بۆ ژنان دانانیت ؟,,,,ئەمانەو دەیان و سەدان بی هەلویستی تر ,,,

بیگومان بەرژەوەندی تایبەتی ئەمانە زۆر دورە لەبەرژەوەندی گشتی ژنانەوە بۆیە بیشك کارنامەی سیاسیشیان دور دەبیت لە بەرژەوەندی واقعی ژنانەوە . رۆژیك لەرۆژان کەسیك نەیبیست ئەمانە نەك کۆنگرەی رۆژنامە گەری تەنانەت میتینگیکی بچوکیشیان بەرینەخستوە لە پەیوەند بە نارەزایەتی و داواکاریە کانی ژنانەوە .بەلکو لەجیاتی هەمو ئەمانە بەسود وەرگرتن لەهەل و مەرجی ئیستای کوردستان و عیراق بانگەوازی جیهان دەکەن کە عیراق رزگار بکەن !!چۆن ؟ وە بۆچی ؟

**مەبەستتان لە رزگارکردنی عیراق چیە ؟**

**ئامانجی سیاسی پشت ئەم مەسەلەیە چیە ؟**

لیرەوە دیمە سە رئەو ئاما نجە سیاسیەیەی کەلە پشت هات و هاواری ئەم دەستەیەوە ئەیەوی خۆی بشاریتەوە. بیگومان لەم ئەوزاعەی ئیستای کوردستان و عیراق دا کەهات و هاواری ئەمریکا بۆلیدانی عیراق گەرمەو هەم و رۆژە ئەمریکا خەریکی کۆکردنەوەی هیزەو لەهەولی رازی کردنی دەولەتان و کۆکردنەوەی رای گشتی دایە لەم بارەیەوە , رۆژ لەدوای رۆژ جدیەتی ئەمریکا توندتر ئەبیتەوە بۆ لیدانی عیراق .وە خودی ئەمریکا ئەیەوی ئەم کارە لەژیر ناوی لەناوبردنی شخصی( صدام حسین ) دا وەك تیرۆرستیك و خەتەریك بۆسەر بەشەریەت ,هەروەها لەژیر ناوی رزگارکردنی عیراق لە خەتەری ئەو ئە نجام بدات . هەر لەم ئەو زاعەدایە ئەحزابی کوردی لە کوردستان بەتایبەتی هەردوو حیزبی حاکم (PDK,PUK) زۆر بەسەر گەرگەرمیەوە سەیری ئەم ئەوزاعە ئەکەن و کۆبونەوەی لیرەو لەوی ساز دەکەن و بانگکردنی خودی ئەم دوو حیزبە لەلایەن ئەمریکاوەو ریزبەستن و کۆبونەوەو مشت و مری معارەزەی عیرا قی و ,,,,سەرئە نجام ریککەو تنی هەمەلایەنەی ( PDK,PUK ) پاش شەرو کو شتاریکی دریژ خایەن لە نیوانیان دا . تا ئایندەی عیراق بەوان بسپیردری .

هەر لیرەشەوە ئەلیم هات و هاوا ری ئەم دەستەیە لە ژنان کە ئەلین گەلی عیراق رزگار بکەن ئەمە رون و ئاشکرا هاندا ن و گورو تەوژم دانە بە هەولەکانی ئەمریکا بۆ لیدانی عیراق ,تا ئەوانیش جیگەو ریگەیەك پەیدا بکەن لەو ئایندەیەدا کە چاوەروانی دەکەن. کەواتە ئەم هەولە هەر بەشیکە لە هەولەکانی ئەحزابی دەسەلاتداری کوردستان و معارەزەی عیراقی بۆ ئال و گۆر پیکردنی خیرای ئەوزاعەکەو سپاردنی سبەینیی عیراق بەمان .ئیتر ئەم چەند ژنە کە پیان ئەلین ( مجموعه النسائ المستقله ) رون و ئاشکرا تبعیەت لە سیاسەتی ناسیونالیزمی کوردو معارەزەی عیراقی ئەکەن.بەلکو هەر بەشیکیشن لەوان و تعین کراوی ئەوانن بۆئەم کارە.هەر

www.kurdistannet.net 20-10-2002

بۆيەش (PDK) بە سەرحاليەوە ئەم هەواڵە بڵاو ئەكاتەوە . ئەم كارانەو ,بەستنی كۆنگرەی رۆژنامە گەری لە ئيستاداو لە واشنتۆنی دڵی ئەمريكا و لەم ئەوزاعەدا ديسانيش پلانی خودی ئيدارەی ئەمريكيە بە مەبەستی توند كردنی شەپۆلی رولەسەری نارەزايەتی دژی رژيمی بەغدا تابلێن ئەوەتا خەڵكی عيراق و نوينەرانی ژنانی عيراق داوامان لی ئەكەن عيراقيان بۆ رزگار بكەين ,ئەمە لە كاتيكدا يە كە زۆربەی هەوڵەكانی ئەمريكا شكستی هينا لە رازی كردنی دەوڵەتان بۆ ليدانی عيراق .

ئەمە سياسەتی بۆگەنی پشت ئەم كارەيە .ئەمانە لەپاڵ هەموو ئەو بی هەڵويستيانەياندا لە بەرامبەر ئەوزاعی ژنانی عيراقدا زۆر بيشەرمانە چاوپۆشی لە خوين رشتن و مەئساتەكانی شەر ئەكەن و داوای ليدانی عيراق ئەكەن !!

لەراستيدا نوينەرايەتی ئەمانە هيچ كات لە نوينەرايەتيەكەی (منال يونس)باشتر نابيت كە بەدريژايی تەمەنی رژيمی بەعس سكرتيری كارتۆنی ريكخراوە كارتۆنيەكەی (الاتحاد النساء العراق) بوو.لەسايەی دەسەلاتی رژيم و نوينەرايەتيەكەی ئەواندا معانات و مەينە تيەكانی ژنان لەو چەند ساڵەدا زياترو قوڵتر دەبووەوە ,سەدان داستانی رەشيان تۆمار كرد لە ژيانی ژناندا . لەوەدەورانەدا ژنان (الامهات الماجدات) بون بۆ تحمل كردنی لاشەی كورە كوژراوەكانيان .هەرلەو دەورانەدا ژنان بەجۆرەها پروپاگەندە هاندەدران تا ببنە ئامرازی بەرهەمهينانی منال بۆ جيگرتنەوەی كورە كوژراوەكانيان ,رژيمی فاشستی بەعس ئەمرۆ ئەو كارەی بۆ مەيسەر بوو ,ئەوەتا ئەو منالانەی لەو رۆژانەدا لەدايك بون بەشيكيان فريای شەری كوەيت كەوتن و ئەوانی تريش ئەبی ئەمرۆ ئامادەی شەر بن .هەمو ئەمانەش ئەوەندەی تر ريگەخۆش كەر بون بۆ زياتر بەستنەوەی ژنان بەزيندانی ماڵەكانەوە و سەپاندنی ئيدارەی ماڵ بەسەرياندا .ئەمە سەربا قی ئەوەی لەژير سايەی گەمارۆی ئابوريدا نەخۆشخانەكان مەرگی بەليشاوی منالانی و فرميسكی دايكانی لەخۆگرتبو .هەمو ئەمانەو هەر لەو دەورانەدا بەهۆی دارمانی ئابوری عيراق و دابەزينی ئاستی گوزەرانی خەڵك و نزم بونەوەی ئاستی هوشياريان لەم نيوەشدا گەشەسەندنی فكری كۆنەپەرستی و پياوسالاری تەنانەت ئەم وەزعە بوە هۆی سەرهەڵدانی بزوتنەوەو گروپی مەزهەبی ئيسلامی ,ئەمانە پاشەكشەی جدی بەژنان كردو سەدان و هەزارانيان لی تيرۆر كرا ,جۆرەها نەخۆشی و ئاڵۆزی دەرونيان توش بو سەدان ژن توشی حاڵەتی خۆكوشتن هاتن و...,هاوشيوەكانی منال يونسيش چركەيان نەئەكرد ,كەچی ئيستا ش نوينەری ژنانی عيرا قن و بەتاييەتيش لەوەتەی ئەمريكا دەهۆڵ بۆ شەرو ليدانی عيراق دەكوتی ئەمانيش خەريكی كەرم كردنی ئەو هەراو زەنايەن .

ئەم مەينەتيانە دياری و سەرئە نجامی هەر شەريكن كەچی سەير كەن ئەوانەی ئەمرۆ لە واشنگتۆن فرميسك بۆ ژنان هەڵئەريژن داوای ليدانی عيراق و شەر ئەكەن !! بۆيە هەموو ئەم هەولانە بەرژەوەندی تاييەتەو چنگە كريی يە بۆ سكرتاريەتی يەكيتيەكانی ژنان لە ئايندەی عيراقدا. بيشك هەر نمونەی ئەمانە خۆيان مات داوە بۆ سكرتاريەتی نەقابەكانی كريكاران و مامۆستايان و تويژە كانی تری كۆمەڵ.